Helsinki

# هەڵبژاردنی زمانی A1 ی
# خوێندکاری داهاتووی قوتابخانە



## بژاردە زمانییەکانی قوتابخانەی نزیکی خۆت بدۆزەرەوە

دەتوانیت بژاردەکانی زمانی A1 ی قوتابخانەی نزیکی خۆت لە ماڵپەڕی قوتابخانەکەدا لە ژێر سەردێری "kieliohjelma"دا بدۆزیتەوە. قوتابخانەی نزیکی منداڵەکەت لەسەر بنەمای ناونیشانی ماڵەکەت دەدۆزیتەوە:

**edu.hel.fi/kouluhaku.**

## چۆن زمانی A1 هەڵبژێریت؟

هەڵبژاردنی زمانی یەکەم باشتر وایە بە وردی بیری لێ بکرێتەوە. منداڵ چەندێک تەمەنی کەمتر بێت، فێربوونی زمانی نوێ بۆی ئاسانتر دەبێت.

کەواتە، وەکو زمانی یەکەم، دەتوانیت زمانێک هەڵبژێریت کە وەک تریش منداڵەکە کەمتر لە دەوروبەرەکەیدا دەیبیستێت. هەروەها پێویست ناکات تۆ وەکو سەرپەرشتیاری منداڵ ئەو زمانانە بزانیت کە منداڵەکەت دەیخوێنێت.

## ڕۆڵی سەرپەرشتیار لە خوێندنی زماندا

وەک سەرپەرشتیارێک، ئەرکی تۆ پشتگیریکردن و هاندانی منداڵەکەتە لە فێربوونی زماندا. گرنگە کە تۆ گرنگی بەو زمانە نیشان بدەیت کە منداڵەکە فێری دەبێت. دەتوانیت پشتگیری لە فێربوونی زمانی منداڵەکەت بکەیت بە بەهێزکردنی زمانی ماڵەوە یان زمانەکانی ماڵەوەی منداڵەکەت. گەشەکردنی بۆ نموونە پاڵپشتیکەرە بۆ خوێندنەوە و گفتوگۆ و یاریکردن بە زمانەکە.

## خوێندنی زمانەکان لە هێلسنکی

خوێندنی یەکەمین زمانی بیانی لە پۆلی یەکەمدا دەست پێ دەکات. بەو زمانەش دەوترێت زمانی A1 لە کاتی خوێندنی بنەڕەتیدا ئەگەر بتەوێت دەتوانیت بە گشتی چوار زمانی جیاواز بخوێنیت. خوێندنی زمانی دووەمی هاوبەش بۆ هەمووان لە پۆلی شەشەمەوە دەست پێدەکات. بەو زمانەش دەوترێت زمانی B1

خوێندنی یەکەم زمانی هەڵبژێردراو دەتوانرێت لە پۆلی سێیەم (زمانی A2) و دووەم لە پۆلی هەشتەمەوە (زمانی B2) دەست پێبکات.

لە هێلسنکی بژاردەی زمانی هەمەچەشنە هەیە: وەکو زمانی A1 دەکرێت سویدی، فەرەنسی، سامیی باکووری، ئەڵمانی، ڕووسی، ئیستۆنی یان ئینگلیزی بخوێنیت. ئەگەر لە قوتابخانەی ناوچەکەتدا ئەو زمانی A1یە کە تۆ دەتەوێت پێشکەش نەکرێت، دەتوانیت بۆ منداڵەکەت داوای شوێن لە قوتابخانەیەک بکەیت کە بتوانێت ئەو زمانەی تێدا بخوێنێت.


## توانای زمانی هەمەلایەنە دیارییەکە بۆ منداڵ

سەلمێنداروە کە خوێندنی زمانە جیاجیاکان چەندین سوودی هەیە. بەهرەی زمانی هەمەلایەنە لە کاتی دەستبەتاڵی و خوێندن و ژیانی کارکردندا دەرگای نوێ دەکاتەوە و یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە کولتوور و مرۆڤە جیاوازەکان.

کراوەیی منداڵ و ئارەزووی زانین و ئارەزووی تاقیکردنەوە پاڵپشتیە بۆ فێربوونی زمانی نوێ.

فێربوونی زمانەکان پەرە بە بیر و بینین و توانای چارەسەرکردنی کێشە و توانای دەرئەنجام وەرگرتن دەدات و لە داهاتوودا ئامادەیی بۆ فێربوونی زمانەکانی دیکە زیاد دەکات.

## خوێندنی زمانەکان لە قوتابخانەی بنەڕەتیدا






**تەلەفۆنی ڕاوێژکاریی پەروەردە و خوێندن**

ت: ٠٩ ٣١٠ ٤٤٩٨٦ ڕۆژانی هەفتە کاتژمێر ١٠-١٢ و ١٣-١٥ ئیمەیل:
koulutusneuvonta@hel.fi ناونیشانی سەردانی: Työpajankatu 8,
00580 Helsinki edu.hel.fi/tervetuloakouluun

فۆڵۆومان بکەن:
#HelsinkiOppii
@HelsinkiOppii
Kasvatus ja koulutus

بڵاوکەرەوە: بواری کاری پەروەردە و فێرکردنی شارەوانیی هێلسنکێ

وێنەکار: ڕیکو ئۆوناسلێهتۆ Riku Ounaslehto

شوێنی چاپکردن: Grano Oy, 10/2024.

زانیارییەکانی بڵاوکراوەکە لە مانگی دەی ٢٠٢٤ پیاچوونەوەیان کراوە. مافیەکانی گۆڕانکاری پارێزراون.

